www.kurdistannet.org
4-7-2006 11:07بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەنفالچیان ... ڕەفعەت هەڵەبجەیی

**ئەنفالچیان لە بیرتان دێ.**
**كە پێش لەشكری دوژمن بوون.**
**دۆڵ وچیا شارو لادێ.**
**چاوساغی ئۆردوی ڕژێم بون.**
**لە بیرتان دێ لەگەرمیان.**
**لەتاجی سەری كوردستان.**
**بەربونە گیانی جەماوەر.**
**بێ شەرمانە دوور لە ویژدان.**
**بەشە غەنیمەتی ئیوە.**
**قەل وقازومراوی بون.**
**كورو كچی چواردە ساڵیش.**
**بەرەو زیندان راپێچ ئەبون...**
**لەراپەرین ووتم ئۆخەی**
**شووكرئاواتمان هاتە دی..**
**نەمردین وئەنفالچیان.**
**بە سەری شۆرەوە وا دی...**
**كەچی لەو لاوە خائینان.**
**زۆڵە كوردو گەل فرۆشان.**
**لە جێ ی زیندان و سێدارە.**
**بۆئەنفالچیانی ئەم شارە.**
**كردنیان بەلەشكرو سوپا.**
**بەبەرلەمانتاروبورژوا.... ...**